# تورکیا، هەنگاوی نوێ بۆ کورد



ن:هەژین

لەم هەزارەیەدا زۆر لە خەیاڵەکان بوونەتە واقع و شێوە راستەقینەکەیان وەدەرکەوتووە. کێشەی کورد یەکێ بوو لەو مەسەلانەی کە بۆکورد خۆی( بە لە بەرچاوگرتنی پێکهاتەی دەولەتە داگیرکەرەکان) ببوە یۆتۆپیایەك و زۆر دوور بوو لە چارەسەری. بەڵام ئەم هەزارەیە کرانەوەی دەرگاکانە بەرووی کورد و دۆزەکەی. لەلایەکەوە پرۆژەگەلی وەك پرۆژەی گەورەی "ڕۆژهەڵاتی ناوین" و لایەنگری‌کردنی دەوڵەتانی زلهێز لە کورد و لەلایەکی تریشەوە وریایی کورد بۆخۆی و توانایی دیپلۆمات و سیاسیەکانی بۆناساندنی دۆزەکەی لە جیهاندا وای کردوە کە ئیتر لە کێشەیەکی بچووك بێتەدەرێ و وڵاتانی داگیر کەریشی لێ ئاگادار بکرێتەوە کە بە هەمان پێکهاتەوە دەسەڵاتەکەیان روو لە رووخانە. سەرکەوتنی کورد لە باشووری کوردستان و دان پیانانی هەموولایەك چ لە عێراق و چ لە دەرەوە بۆ سیستەمی فیدراڵ و لە سەرووی هەمووشەوە ناوچەی هەرێمی کوردستان سەرکەوتنێکی گەورەیە و هەروەها گەورەتریش لەمە کارابوون و هاتنە دی زۆرینەی ویستەکانیان لە دەستووری هەمیشەیی وڵاتدا سەرکەوتنە یەك لە دوای یەکەکانی کوردن لەم پارچە بەش کراوەی کوردستاندا. ڕاپەرینی بەرینی کورد لە قامیشلوو و لەم دوایەشدا ڕاپەرینەکەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو ترسەی خستەنێو دەوڵەتانەوە کە لەمەودوا کێشەکەی کوردهەر لەو چوارچێوە تەسکەدا نامێنێتەوە دەبێ چارەسەر بکرێ.

ئەمرۆکە لە تورکیا دەنگۆی چارەسەری کیشەی کورد هەیە بە هۆی ئەو لیدوانانەی کە سەرۆك کۆماری ئەو وڵاتە (رەجەب تەیب ئەردوغان) هینانیە زمان–ئەمەش لە کاتێك دا بوو کە کومەلێك رۆشنبیر لە وانە"دوکتور گەنجای گورسای کە سەروکی ژوری پزیشکانی ئەستەنبول و عەداڵەت ئوغلۆی نوسەر و روشنبیری دیکە"کە لە چاوپیکەوتنێك دا لەگەڵ سەروك کومار( رەجەب تەیب ئەردوغان) و عەبدوڵاگوڵی وەزیری کاری دەرەوە و جێگری سەرۆك وەزیر وبەشیرئالاقای وەزیری کاروباری‌دەوڵەت وسەرۆکی کومسیۆنی مافی مروڤی ئەنجومەنی نیشتمانی و ژمارەیەکی تر لە بەرپرسانی حکومی‌و راوێژکاران‌و سەرۆك وەزیر ئامادەبون. چاوپێکەوتنەکە بەم شێوەی خوارەوە بوو.

گۆرسای بەم شێوەیە دوا:

" ئێمە لەلایەن هیچ گرووپێکەوە نەنێردراوین بەڵکوو گروپێك رۆشنبیرو هاووڵاتی تورکیاین و دەمانهەوێ رێگا لەبەردەم تووندوتیژی بگرین و کارەکەشمان بە ١٥٠ ئیمزاوە دەستی پێکردووە.

پێویستە وەك کێشەی ئەمنی و ئاسایشی سەرەکی چاو لە کێشەی کورد نەکرێ بەڵکو چوارچێوەی فراوانتری هەیە"

دواتریش چەندپێشنیار لەلایەن گۆرسایەوە بۆ ئەردوغان خرانە روو وەك:

+ دابینی پەیامی برایەتی گەلانی ئەنادۆڵ زۆر گرینگە. ئەم کێشەیە بە سنووردارکردنی دێموکراسی و ڕاگەیاندنی رەوشی نائاسایی چارە ناکرێ بە پێچەوانەوە پێویستە کرانەوەی دێموکراسی زیاتر بکرێ.

+ ئەم کێشەیە ڕابردوویەکی ٨٠ ساڵەی هەیەو بەدوو هەنگاوی بچوك چارە ناکرێ.

قسەی ئۆردوغانیش بەم شێوەیەی خوارەوەیە: ((تورکیا هێزی چارەسەری کێشەکانی هەیە و هەموو جۆرێکی بەکارهێنانی تووندوتیژی پەسند ناکەین، پرسی کورد لە تورکیا لەژێر چەتری دیموکراتیزەکردندا چارەسەر دەبێ و گەورەترین زیانێك کە بەهاووڵاتیانی بە رەچەڵەك کوردمان دەدا لەلایەن رێکخستنی پەکەکەوەیە. هەربۆیە چارەسەری کێشەی هاوڵاتیانی بەرچەڵەك کورد و pkk لێك جیابکرێتەوەوکێشەی هەموو پرسێکیش بە ریفۆرمەوە مومکین دەبێ و کێشەی کورد، کێشەی دیموکراتیزەبوونە.

شاردنەوەی هەڵەکانی پێشوو شایەتی دەوڵەتە گەورەکان نی‌یە و بەهیچ شێوەیك لە دیموکراسی ناکشێنەوە)).

هێنانەوەی ئەم لێدوانانە بۆ ئەو مەبەستەیە کە لەماوەی ٨٠ ساڵی رابردوودا لەنێو حوکمی کەمالیزمی تورك دا جگە لە (سەرۆك ئۆزاڵ) ئۆردۆغان دووەم سەرۆك کۆمارە کە بەم شێوەروون و ئاشکرایە باس لە مەسەلەی کورد لە وڵاتەکەی دا دەکا. هەر چەند زۆر لایەن پێیان وایە کە دەسەڵات و بڕیاری سەرەکی لە دەست ژنراڵەکاندایە بەڵام لەو لایەنەشەوە ئەردوغان سوکە قسەیەکی کردو رایگەیاند کە هەندێ نەفەر و لایەن رەنگە لەگەل ئەم وەزعەدا دلخۆش نەبن بەلام کێشەی کورد لە پێش هەموو کەس دا کێشەی منە . تورکیا لە پێش ئەگەری چوونە نێو یەکیەتیی ئەوروپا دایە و هەروەها هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا راپەرینە یەك لە دوای یەکەکانی پارچە داگیرکراوەکان ئەو ترسەشی خستە نێو دەسەڵاتدارانی تورکەوە. بۆیەبەگشتی دەتوانین بڵێین ئەمە باشترین هەل و کاتە بۆ کورد لە باکووری کوردستاندا و دەرگایەکی گەورەیەکە بەرووی کورد دا کراوەتەوە.